کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-7-2007 0:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەندم پێ ناخۆش بوو مستەفا گەرمیانیی هاوسەری مەهاباد خانی قەرەداغی ماڵئاواییی لە کەرکووک کرد. ! ... موحسین جوامێر

ئەو ڕووداوە کارەساتئامێزە دوور لەهەموو ئەخلاقێکی ئینسانی، کە کۆمەڵێک لە مرۆڤی بێتاوانی تێدا شەهید و بریندار و سەقەت بوون و سەبارەت بە گەورەییی ڕووداوەکە؛ گردێکی شەهیدان لە نێو شاری کەرکووکدا، بەرز بووەوە.. ئەرێ ئەو ڕووداوە، ویژدانی هەموو خودان ویژدانێکی هەژاند و فرمێسکی بە هەموو ئازادیخوازێک؛ هون هون ڕژاند.

یەکێک لەو قوربانییانە، کاک مستەفا گەرمیانیی هاوسەری خاتوو مەهاباد قەرەداغی بوو، کە دوای بیست ساڵ لە غەریبی و ئاوارەیی، ئاووگڵی کەرکووک؛ وەک موگناتیس ڕایکێشایەوە بۆ زێد و واری خۆی و نەیویست لە باوەشی خاک و خۆڵێکی دیکەدا سەربنێتەوە.

بەندە، کاک مستەفا گەرمیانیم نەدەناسی، هەرچەندە پێدەچێ هەردووکمان لە یەک سەروبەندا ڕوومان کردبێتە سوێد و تەمەنی مانەوەمان لەم وڵاتەدا وک یەک بووبێت، لە دوورەوڵاتی و کەساسی.. وەلێ ئەوەی ئەم پیاوەی لەبەرچاوم مەزن کرد، گەڕانەوە و مانەوە و شەهیدبوونی ئەو بوو لە شارێک کە خەڵک لێی ڕادەکات و هەر خێزانێ گەر بۆی بلوێ؛ هیواخوازە لێی بار بکات.

وەک دیارە کاک مستەفا گەرمیانی خودان کتێب بووە، لەڕۆژنامەی " کەرکووکی ئەمڕۆ " دا نووسەر بووە.. هەر ئەمەیشە شەهیدی قەڵەمی پێ دەبەخشی، تا ڕۆژی سەڵایە دەهێڵێتەوە جێی دەست و نەخشی.

بەندەیش، لە وڵاتی پڕگوڵی سوێدەوە، هەر ئەوەندەم پێ دەکرێت، دەسکەگوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ، بە " ئەی بادی خۆش مروور" ەکەی نالی ـ دا، بۆ (شاکار) ی تاقانە گوڵەکەی باخی ژیانی مەهاباد خانی قەرەداغی و کاکە مستەفا گەرمیانی، بەڕێ کەم، تا ئەویش بیبات لەسەر گردی شەهیدانی کەرکووکی ڕۆژی 2007/07/16 دابنێت و بە ویردی نەفرەتکردن لە خوێنڕێژی و ستەم؛ بڕەوێنێتەوە هەورو تەمی ماتەمینی و خەم. !

بەهیوای گەڕانەوەی ئەو کەرکووکەی بۆ ئێمەی کورد؛ هەم زین ـ ە هەمیش مەم. !

موحسین جوامێر 2007/07/17

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.